# درێژەی باسێک لە کۆیلە و کۆیلە داری لە ناو گەلان و لەلای دەسەڵاتداران:

سزای کوشتنە. کوشتنی کۆیلەی هەڵاتوو باوبوو لە ئینگلستان دا. قانوونیان وابوو هەر کۆیلەیێك یاغی بێ لە ئاغاکەی و درێژەی بە یاغی بوونی بدا دەبێ بکوژرێ، وە لە فەرانسە هەر کەس سپی پێست نەبوایە نەدەبوو بچێتە فەرانسە بۆ خویندن و کەڵك وەرگرتن. ئەو وەزعە هەروا بەردەوام بوو تا شۆڕشی فەرانسە لە ساڵی ١٨٤٨دا کرا کە کۆیلەداری بەیەکجاری لابرا.

### کۆیلەداری لە ئەمریکای جنوبی:

کۆیلەداری لە ئەمریکای جنوبی لەو پەری توندی و سەختی دابوو. بە پێی قانوونی رەش لەوێ ئەگەر ئازادێك کەنیزێکی مارەکردایە تازە شیاوی ئەوە نەدەما کە کاری لەو موستەعمەرانەدا بدرێتێ. قانوونیان دەیگووت، ئاغای کۆیلە بۆی هەیە هەر چی پێی خۆش بێ لەگەڵ کۆیلەدا بیکا، بیهێڵێتەوە یان بیکوژی، وە بۆی بوو کەکۆیلەکەی بخاتە بارمتەوە و بەکرێی بدا و قوماری لەسەر بکا و بیفرۆشێ هتد... وەك پاتاڵ. رەش پێست بۆی نەبوو دەرکەوێ بۆ سەر شەقام مەگەر بەپێی رێ دانی قانوون ئەگەر رێ بکەوتایە زیاتر لە٧ کۆیلە لەسەر شەقامێك دەر بکەوتنایە با بەئیجازەی قانوونیش بووایە، هەر سپی پێستێك بۆی هەبوو بیان گرێ و دارکاریان بکا، قانوونیان راستەو راست دەیگووت کۆیلە نە روحی هەیە و نە عەقل، گیانی تەنیا لە باسکەکانی دایە.

### کۆیلەداری لەلای خاچ پەرستان – مەسیحیەکان:

ئینجیل دەڵێ ئادەمیزاد هەموویان بران، وە تێیدا نیە کە بەر لە کۆیلەداری بگرێ. جا بۆیە هەموو کلیساکانی خاچ پەرستان کۆیلەداریان داناوە، وە کەمترین ئیرادێکیان تێیدا نەدیوە. (بەولس) یەکێك لە حەواریەکانی حەزرەتی عیسی لە نامەیێك دا کە بۆ دانیشتوانی (ئۆفسوس)ی نووسی باسی کۆیلەی کرد و دەستوری پێدان کە ئیتاعەی ئاغاکانیان بکەن چۆنی ئیتاعەی مەسیح دەکەن. وە لە نامەیێك دا کە بۆ (تیمو شاوس)ی نووسی، دەڵێ لە سەر کۆیلە واجبە زۆر بەگەرمی رێز لە ئاغاکانیان بگرن و کاریان بۆ بکەن، پاشان دەنووسی، ئەوە دەستوری مەسیحە و کەسێك جوێ لەوە بڵێ نەزانە.

بوترس (بطرس) یەکێك لە حەواریەکانی عیسی لە نامەی خۆی دا دەستوری بە کۆیلان داوە کە مل کەچ بن بۆ ئاغاکانیان و لێیان بترسن. هیچ کام لە پاپاکان و کەشیشەکان سووچ و تاوانێکیان لە کۆیلەداری دا نەدیوە، تەنانەت کەشیش ((باسیلوسی)) لە کتێبەکەی دا بە ناوی (بەرنامە ئەخلاقیەکان) دوای گێرانەوەی هێندێ لە نامەکانی بەولس بۆ دانیشتوانی (ئۆفسوس) دەڵێ، ئەو قسەی (بەولس) دەگەیینێ کە کۆیلە واجبە لەسەری ئیتاعەی ئاغاکەی بکا هەتا گەورەیی خودای راگرتبێ.

کەشیشی بەناوبانگ (بووسویت)ی فەرەنسەیی دەڵێ: شەر کردووی سەرکەوتوو حەقی خۆیەتی شکاوەکەی بەرامبەری بکوژێ، ئەگەر نەیکوشت و کردی بە کۆیلە بەزیی پێداهاتووە و پیاوەتی لەگەڵ دا کردووە.

کۆیلەداری بەکاری مەشرووعی و قانوونی ماوە لەلای مەسیحیان تا دواییەکانی چەرخی ١٩. دائرة المعارفی، لارووسی دەنووسێ: پیاوانی رەسمی ئایینی کۆیلەداری دەهێڵنەوە و بە مەشرووع و بەجێی دەزانن، پاشان دەڵێ: هیچ شتێك هەوڵی بۆ لابردنی نەدا، شورشی فەرانسە نەبێ، ئەو شۆڕشەی کە بریاری دا کە مرۆڤ تێکڕا یەکسانن لەماف و ئەرکەکان دا.

### کۆیلەداری لە ئیسلام دا:

ئیسلام رێی لە کۆیلەداری نەگرتووە، بەڵام لە چوارچێوەیێکی تەنگەبەر دا رێی داوە و پێوەندی نێوان کۆیلە و کۆیلەداری بە شێوەیێکی ئینسانی و خۆییانە داناوە کە لەغیری ئیسلام دا نەبووە. وە کۆیلەداری هان داون بۆ ئازاد کردن بە ئەندازەیێك کە وادێتە بەرچاو کە کۆیلەداریی پێ خۆش نیە و حەز بەبوونی ناکا، ئازاد کرنی کۆیلەی بەکارێکی چاك داناوە و کردوویەتی بە کەفارەت و هۆی سڕینەوەی گوناە و هۆی رەزای خودا و پاداشی دوامین رۆژ ( قیامەت ). مافی دیاری کردووە بۆ کۆیلان بە ئەندازەیێك کە لە پێش دا نەبووە و دانەرانی قانوونی رەش کە زیاتر لە هەزار ساڵ دوای هاتنی ئیسلام هاتوون بە خەیاڵیشیان دا نەهاتووە.

نووسەرانی فەرەنگی ئەوەیان زانیوە، عەلامە(گوستاف لۆبۆن) لەکتێبی خۆی دا بەناوی (شارستانیەتی عەرەب) دەنووسی: بێ گومان ووشەی (کۆیلە) وەختێك دەگووتری لەلای ئۆرووپاییێك کە خووی بە خویندنەوەی نووسراوەی ئەمریکاییەکان گرتووە کە سی ساڵە نووسراون، ئەو هەژار و بێچارانەی بەدڵدا دێ کە زنجیری قورسیان لە پێ دەکراو زنجیریان لە مل دەکرا و بە قەمچی لێ دەخوردران و خواردنیان بە ئەندازەی پێویست نەبوو کە پێی بژین و بەرنوایان نەبوو جوێ لە ژوری تاریك، من نامەوێ لێرەدا باسی ئەوە بکەم کە ئەو شێوە رفتارەی لەگەڵ کۆیلان دەکرا راستەو لەگەڵ رفتاری ئینگلیسیەکان یەك دەگرێتەوە کە لە ئەمریکا چەند ساڵێك لەمەوبەر (دواییەکانی چەرخی ١٩) دەکرا وە لەوانەیە خاوەنی کۆیلەکان بیری وابوو بێ کە رفتاری لەگەڵیان چاك نەبێ و عەزابیان پێ بچێژێ و سووکیان کا چۆنی کۆیلە لەو رۆژگارانە دا دەژیان، بەڵام حەقی راست و بێ دوودڵی ئەوەیە کە کۆیلەداری لە لای موسڵمانان تەواو پێچەوانەی ئەوە بوو کە خاچ پەرستان (مەسیحیەکان) دەیان کرد ((تەمودونی عەرەب گۆستاف لووبوون)) ئورووپاییەکان بە تەمەدوومی ئیسلامیان دەگووت تەمەدوونی عەرەب و بە دینی خودایان دانەدەنا.

ئیسلام رێگەی کۆیلەداری داوە بەڵام دوو مەرجی بۆ داناوە، یەکەم: لە جەنگێکی رەوادا بە دیل گیرابێ، وەدووهەم مەرج ئەوەیە کە جەنگ لەگەڵ کراوەکە موسڵمان نەبێ، لەگەڵ ئەوەدا کە موسڵمانان تاویان نەداوەتە هیچ جەنگێك هەتا لایەنی بەرامبەریان سەرپشك نەکردبێ لەسێ شت دا، یەکەم ئیسلام بوون، دووهەم تەسلیم بوون بە دەوڵەتی ئیسلام زەریبە و ماڵیات بدات کەپێی دەگوترێ (جزیە)، دەنا جەنگ. کە دەبوونە موسڵمان دەبوونە برا لەگەڵ موسڵمانەکان و لە قازانج و زیان دا دەبوونە هاوبەش وە رەگەز و رەنگ و زمان جیاوازی دانەدەنا لەنێویان دا، وە هەرچی تاوان و جەنگێکیان لەگەڵ موسڵمان کردبێ بە نەبوودادەندرا. ئەگەر موسڵمان نەبوونایە و ببونایە بەرەعیەتی دەوڵەتی ئیسلام و زەریبە و سەرانەیان بدایە بە دەوڵەتی ئیسلام کە زۆر کەمتر بوو لەوەی کە شاکانی خۆیان دەیانستاند، ئەو دەم لەسەر دەوڵەتی ئیسلام بوو گیان و ئابروو و دارایی یان بپارێزێ و ئەمینیان بکا لە دین و عەقیدە و پەرستگاکانیان دا، دەنا کە نەموسڵمان بوونایە و نە ئامادەی سەرانە دان بوونایە، جەنگ دهاتە گۆرێ.

جا کە موسڵمان سەردەکەوتن بە باشی رفتاریان لەگەڵ دەکرا. ئەوە تەنیا سەرچاوگەی کۆیلەداریە لە ئیسلامدا، دە ئەوە لەکوێ و ئەو هەموو رێگەی کۆیلە گرتنە لە کوێ کە رۆمیەکانی مەسیحی بوویان، چونکە دیلی جەنگەکان و بەرەچەی کەنیزەکان و کەسانی تاوانباریان دەکردنە کۆیلە پاشان لەشکری رۆمیەکان بازەرگانی کۆیلەیان لەگەڵ خۆیاندا دەگێڕا بۆ منداڵ رفاندن و ژن راکێشان بۆ ناو لشکرەکەیان تا ئارەزووی خویانیان لێ جێ بەجێ بکەن. دەئیسلام دوورە لەو پەستیە بە تەواوی. لە قورئانی پیرۆز دا خودا دەستووری بە ئادەمیزاد داوە((چاك بێ رەفتاری لەگەڵ دایك و باوکی و لەگەڵ خزم و لەگەڵ هەتیوان و لەگەڵ هەژاران و لەگەڵ دراوسێ خزم بێ یان بێگانە بێ و لەگەڵ رفیقی مەنزڵ و رفیقی رێگە و لەگەڵ رێبوار و غەریب و لەگەڵ کۆیلە. بێگومان خوای گەورە هیچ خۆبەزڵ زان و شانازی گەرێکی خوش ناوێ)) حەزرەتی عەلی دەفەرموێ، حەزرەتی رەسووڵ (ص) فەرمووی (لەخودا بترسن لەراست کۆیلەکانتان) وە ( ئوممو سەلەمە) ی خیزانی حەزرەتی رەسوڵ (ص) دەفەرموێ کە پێغەمبەری خودا فەرمووی( لە خودا بترسن لەراست نوێژ و لە راست کۆیلەکانتان ) وە دەگێرنەوە کەحەزرەتی رەسوڵ (ص) لە نەخۆشی فەوتی دا ئاخر فەرمایشی ئەوە بووە (نوێژەکانتان و کۆیلەکانتان). عەبدوڵا کوری حەزرەتی عومەر دەڵێ پێغەمبەر (ص) فەرمووی (لەخودا بترسن لەراست ژن و کۆیلە) وە حەزرەتی رەسوڵ (ص) فەرمووی (خۆشەویستم جوبرەئیل پێی سپاردم نەرم و هاسانکاری بکەم لەگەڵ کۆیلە تا ئەو ئەندازە کە گومانم وابوو ئینسان نابێ بکرێ بە کۆیلە نابێ بکرێ بە خزمەت چی) وە فەرموویەتی (کۆیلەکانتان براکانتانن، هەر کەسێك برای لە ژێر دەستی دابێ، چیی بۆ خۆی دەی خوا دەبێ ئەوە دەرخوارد ئەویش بدات و دەبێ بەرگی وەك خۆی بێ و نابێ کارێکیان پێ بسپێرن کە لە توانایان دانەبێ و لە کاری وادا هاوکاریان بکەن و یارمەتیان بدەن). تەنانەت ئەگەر خاوەن کۆیلەکە کەمخۆر و دوور لە خۆشی بێ، بۆی نیە کۆیلەکەی ناچار کا وەك خۆی بێ لە خواردن و بەرگ دا، بەڵکو دەبێ پێویستی ژیان و بەرگی بە چاکی بۆ دابین بکا.

ئیمام نەوەوی دەفەرمووی: واجبە لەسەر خاوەن کۆیلەکە بژێو و بەرگی کۆیلەکەی بەپێی وەزعی وەڵات و بەپێی وەزعی خەڵك بێ، وەك ژیانی کۆیلەدارەکەی یان بەرەوژورتر لە خۆی، تەنانەت ئەگەر کەم و کووری لە خواردن و بەرگی دا لە چاو هاوشانانی خۆی بەکار بێنێ لەبەر لەچەری یان بۆ گێرانەوەی خۆی لە ئارەزو (تەقوا بکا) بۆی دروست نیە کەم و کووری لەگەڵ کۆیلەکەی بکات و ناچاری بکا ئەویش وەك خۆی بژی.

ئیسلام چاودێری کۆیلانی بە توندی گرتووە. عەبدوڵای کوری عومەر خوایان لێ رازی بێ دەفەرموی، حەزرەتی رەسوڵ صلی الله علیە و سلم دەیفەرموو(کەسێك زللەیێك لە کۆیلەکەی بدا یان لێی بدا کەفارەتەکەی ئەوەیە کە ئازادی بکات) ئیمام ئەبوو حەنیفە پێی وایە کەسێك کۆیلە بکوژێ دەکوژرێتەوە وە لە دادگاکانی ئیسلام دا ئەوە ئیجراکراوە.

وە بۆ ئاسانکاری لەراست کۆیلە حەزرەتی رەسوڵ (ص) نەهی کردووە کە بگوتری عەبدەکەم (بەندەکەم) یان (ئەمەتەکەم) کەنیزەکەم بەڵکو دەبێ بڵێ لاوەکەم، پیاوەکەم.

ئەبوو هورەیرە کابرایێکی دی سوار بوو، کۆیلەکەی بە دوای دا بە گورجی دەرۆیی، پێی گووت: لە دوای خۆتەوە سواریکە بەندەی خوا، ئاخر ئەوە براتە رۆحی وەکوو رۆحی تۆیە.

ئەمیری ئیمانداران عومەری کوری خەتتاب خودای لێ رازی بێ کە لە مەدینەوە چوبوو بۆ بەیتەلمەقدس (قودس) کە پەیمانی ئاشتی لەگەڵ گەورەیی ئەو وەڵاتە ببەستێ لەگەڵ غوڵامەکەی بە نۆرە سوار ووشترەکە بوون، ئەودەم کە گەیشتنە قودس کۆیلەکە سوار ووشترەکە بوو و عومەر پیادە بوو بە دوایەوە، ئەبوو عوبەیدەی جەرراح دەترسا کە خەڵك حەزرەتی عومەر بە کەم دانێن، بە حەزرەتی عومەری گووت: ئەی ئەمیری ئیمانداران من دەبینم تۆ کارێك دەکەی بۆ کردن نابێ، چونکە خەڵك چاو و رویان لە تۆیە، حەزرەتی عومەر فەرمووی، کەس بەر لە تۆ ئەوەی نەگووتوە، ئەو قسەی تۆ نەفرینی بۆ موسڵمانان لێ پەیدا دەبێ، بەراستی ئێمە بێ دەسەڵات ترینی مرۆڤان بووین، خودا بە هۆی ئیسلامەوە لە زیللەت رزگاری کردین، هەتا هەوڵی عیززەت بە غەیری خوداوە بدەین خودا زەلیل و ناتوانامان دەکات.

ئەوەیە ئامۆژگاریەکانی ئیسلام سەبارەت بە رێز دانان بۆ ژیانی کۆیلان و ئاوور لێ دانەوەیان و موسڵمانان ئەو شێوە رفتارەیان کرد کە کۆیلەکانی جیهانی ئیسلام خۆشحاڵ ترین کۆیلەی جیهان بوون و زۆریان چوونە ناو بنەماڵەی خاوەنەکانیانەوە، بەڵکو زۆریان گەیشتنە گەورەترین پلەی بەرز و ناوی بەرز بوونە وەزیر و بوونە شا، وەك کافوری ئەخشیدی کۆیلەیێکی خەڵکی (نەوبە) بوو کۆیلەی ئەخشید، شای میسر بوو، دوای کۆچی ئەخشید بە سپاردەی کوری ئەخشید بوو بە شا بوو بە شای میسر وشام.

لێرەدا ئەم پرسیارە دێتە پێش کە بۆ چی ئیسلام کۆیلەداری و کۆیلە گرتنی بە یەکجاری لانەبرد؟ دەڵێن کۆیلەداری و کۆیلەگرتن حاڵەتێك و نەریتێك بووە لە نەریتەکانی کۆمەڵگا لە چەرخەکانی پێشووی مرۆڤایەتی دا واتە روداوێکی کۆمەڵایەتی بوو. چەند شتی سروشتی ئەوەیان وەدی هێنا کە هەر دەمێنێ هەتا هۆیەکانی بمێنێ. زانایانی ئاوەدانی ئەوەیان بەهۆی هەڵگەڕانی رەگەزی ئینسانی بەپیلکانەی ئاوەدان کردنەوە و شارستانی دا، زانیوە.

لە دائرة المعارفی چەرخی نوزدەی فەرانسە دا ئەمەی داوە هاتووە ((بێ گومان جەنگ کەڵکی زۆری بە ئادەمیزاد گەیاندووە، تەنانەت خراپترین بەرهەمی کە کۆیلەداریە، کەڵکی گەورە و بە نرخی بووە. خوینەر نابێ ئەوە بە نەشیاو دانێ چونکە پێدا هەڵچوونی رەگەزی ئادەمیزاد وادەبێ لە رێی واوە دێتە دی کە چاوەروان ناکرێ. بە کۆیلەگرتن و کۆیلەداری ژن ئازاد بوو لەو کەنفتییەی تێیدا بوو لە بەر دەستی مێردەکەی دا، چونکە ژن لە لای مێردەکەی لەگەڵ زیندەواری بێ زمان و پاتاڵ جیاوازی نەبوو. کاتێك کۆیلە هات زۆر کاری گران و سەختێك کە لەسەر شانی ژن بوو هەڵگیراو ژنی بەرز کردەوە لە پێش چاوی مێردەکەی، چونکە هاتنی غەریبە بۆ ناو خێزان دەبێتە هۆی ئەوە کە خێزان لە ناو خۆیان دا رێز بۆ یەکتر دانێن لەبەر چاوی غەریبەکە. ئەو گۆڕانە شوێنەواری چاك لەسەر ژن دادەنێ کە ئامادەی دەکا بگاتە پلەی بەرز لە رێك و پێکی و سەردەرچوویی دا، وە بەپێش کەوتنی ژن، خێزان سەر دەکەوی بۆ پلەکانی رزگاری. بەڵام ئێستێ و لەم رۆژگارانەی دوایی دا پێویستیێك بە کۆیلەداری نیە، چونکە کار ئەوندە قورسایی لەسەر شانی ئادەمی نەماوە، وە کەرەسەی میکانیکی ئادەمیزادی زۆر حەساندۆتەوە لە چاو ئەوەی لە رۆژگارانی رابووردوودا بوو)) دائرة المعارفی فەرانسە چەرخی ١٩.

کە ئەو نهێنییەی ئاوەدانیت زانی، هۆی هێشتنەوەی کۆیلەداری لە ئیسلام تا ماوەیێك، دەزانی، بەڵام بزانە کە هەر چەند ئیسلام کۆیلەداری هێشتۆتەوە پشتیوانی لێ نەکردووە و بە ماوی دانەناوە، وە هاتووە بە ئەندازەیێك مافی داوە بە کۆیلە کە ئازادەکانی میللەتانی رابووردوو نەیان بووە، پاشان لێی گەراوە ببێ تا هۆکانی لە کۆمەڵگە دا نامێنێ وە ئەویش بۆ خۆی لە ناو دەچێ. وە بش زانە لە رۆژگارێك دا کە ئیسلام بە پەیرەوانی خۆی دەگووت: کۆیلەکانتان براتانن، کەشاوەرزەکانی ئۆرووپا وەك پاتاڵ تەماشایان دەکرا، لەگەڵ زەویەکانیان کە کاریان تێدا دەکرد دەفرۆشران بە دارایان، ئەوە هەر ما تا ناوەراستی چەرخی ١٩ تا شۆڕشی فەرانسە لە ساڵی ١٨٤٨ دا کرا و ئازادیی کەسایەتی پێك هێنا و کەسان ئازاد بوون. وە بش زانە کە ئۆرووپاییەکان کە لە کۆیلەداری لە هەڵلا دەدەن و ئیسلام و موسڵمانان تاوانبار دەکەن بە قانوونی کۆیلەداری کە بەرین لەو تاوانە، خۆیان لە هەموو میللەتان خۆزیارتر بوون بۆ کۆیلەداری و لە هەموویان بەدرەفتارتر بوون لەگەڵ کۆیلەکانیان

دائرە المعارف فەرید وەجدی

***

# درێژەی مەلی هەست و پەیامی رۆحی شەهیدان!

یەك بوون دەتوێتەوە و نامێنێ؟!. لە خوارمەوە توولە رێواسێك وەك بووکێکی شەرمنی دەست و پێ بەخەنە، تازە تارای ناسك و تروسکی ناو پەلی خۆی دڕی بوو، تاجە گوڵی هێشو ئاسای گوڵی سەرچڵی لەسەر دابوو. چوومە سەری و تێر تێر بۆنی سەرو سینگ و گۆناو گەردنیم کرد. کاتێك کە سەرم هەڵبڕی و بەرەو دەشتە وەك بەهەشتەکەی " وەزنێ " م ڕوانی، شەهید " جەلال تاژانی " ڕۆح سووکم دی کە بە کۆڵێك زام و برینەوە بەرەو بەرزی " قەندیلی " سەربەرز هەڵدەکشا و کە منی دی ووتی: هاورێ و هاوباوەڕم! مەڕوانە زامارو شڕم، ئێستاش خاوەن هێز و گوڕم! ئەم زامە سوورانەی سەر سینەم هەموو میدالیای شۆڕشن. بۆیە قەندیلم هەڵبژارد، تاوەك فەرخە هەڵۆیەکی چاوتیژ، لەو بەرزی سەرانەوە سەیری نیشتمانم کەم و تا هەم چاودێرو حەسەسی ووڵات بم.! لێرەوە ئاسۆی ڕوونی ڕزگاری دەبینم، دڵنیابن هەر کە یەکەم تیرێژی خۆری خۆشبەختی گەلم دی، جەستەی سووری خۆمی نیشان دەدەم تاوەك دەڵێن: خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە، بهێنمە دی.

لەسەر لوتکەی بەرزی قەندیلەوە دەشتی کاکی بە کاکی گەرمیانم دیت. چاوم لێ بوو شەهید " خالید حەسەن نەژاد و باقر جەلالیو هاوکۆرانیان " "لە بناری " چیای کێوەڕەشی ڕانیە " سەرگەرمی قاقا و پێکەنین بوون. حاڵیان کردم کە پەیامی ئێمەی بۆ دووبەشی کوردستان شەهید، بەرە بۆ ڕێبوارانی ڕێمان و بڵێ: لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا، لە گەرمیان و کوێستانی نیشتمان، بۆ هەر بستێکی ئەم خاکە، فییدایی قەیدی ناکە. مەرج دڵ و دەروونی پاکە، مادام بە باوەڕی خەبات، بوینە فیدای گەل و ووڵات، زۆر دڵخۆش و بەختەوەرین، کەوا شەهید و سەروەرین. لەدوای ئەوان، شەهیدانی دەستی تاوان، سۆران و حەمە نانەوا، عەبباس شکاك، مامە شەریفی بێنەوا، تاهیر فەیزی، ڕەحمان قادری و عەبدوڵڵا بانەیی و چەندانی تر، لە شارەکەی شێخی نەمر، نەفرینیان بوو لە خۆفرۆشان، لە دار دەستانی بێ ویژدان، لەوانەی بۆ پارەو سامان، تاو دەدەنە کردەی تاوان!! بەڵێ: دڵسۆزانی گەل و وەفادارانی شەهیدانی کوردستان و خەبات! لەم گەشتەم دا دەبوو بۆ لای زۆر شەهیدی تر بچم و زیارەتی ڕوحی پاکیان بکەم، بەڵام دڵۆپە فرمێسکێکی ساردی ڕندوە بەفرەکە کەوتە سەربالی ناسکی پەپوولەی خەیاڵم و ڕاچەنیم!!. کە هاتمەوە سەر خۆم دیتم جەستەم شەلاڵی ئارەقە و بە شنەی شەماڵی خەرمانان تەزووی غروورو حەسرەتم بەلەش دادێن " غروور بۆوەی ڕێبواری ڕێی شەهیدان و پەیڕەوی ڕێگای خەباتم. حەسرەت بۆوەی کە ئاوارەو دوور ووڵاتم"!!. کە سەیری ئەو خەت و جغزانەم کرد کە بەنووکی لاسکی وشکی هەڵاڵەکە کێشا بوومن، نووسرابوو: شەهید، شاهیدی زیندووی مێژووە. تاپۆی ڕەسەنی نەتەوەو، سەروەری قەت نەمردووە.

مایەی شانازی گەلیەتی و، چادێری نیشتمانە. باشترین پاداشتیش بۆیان، درێژەدانی ڕێیانە.